

**لە گەرمیان پاڵاوگەی ئاو بۆ هەموو شارەکان دادەنرێت** ل٣

**بۆچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی بەم ڕۆژە گەیشت؟** ل٦



**بەهۆی گەندەڵیەوە کۆمەڵێک بەرپرسی دەزگاکانی پارێزگای سەڵاحەدین بانگێشتی ئەنجومەن کران** ل٥


# زەنگ

www.zengkurd.net

یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی
سەرنووسەر: سامان کەریم
جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام
بەڕێوەبەری نووسین: نیشتمان بێتەوا

ساڵی چوارەم ژمارە (١٣١)
دووشەممە
٢٢-٦-٢٠٠٩ز
بەرامبەر١ -٤- ٢٧٠٩ ک

دوو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەیەکدا | ٢٥٠ دینارە


## چوار حزبەکە پەسەندکردنی دەستور قبوڵ ئەکات، بەڵام ڕازی نییە بە ڕاپرسییەکەی"

# پارتی لەیەکێتی سوورترە لەسەر ڕیفراندۆمی دەستور

## وتەبێژی لیستی گۆڕان: پەرلەمانی ئێستا مافی تێپەڕاندنی دەستوری نییە



"پەرلەمان بڕیارەکان لە یەکێتی و پارتییەوە وەردەگرێت"

**زەنگ-تایبەت:**

**ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت:"یەکێتی و پارتی سوورن لەسەر ئەوەی لەم کاتەدا ڕەشنووسی دەستور پەسەند بکرێت و بخرێتە ریفراندۆمەوە، چوار حیزبەکەش ڕەتی ئەکەنەوە و داوای دواخستنی ئەکەن چونکە کاتەکە بە گونجاو نازانن".**

زانا سەعید ڕۆستایی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند کە ئەوان خوازیاربون زووتر ڕەشنووسی دەستور پەسەند بکرێت، نەک ئێستا کە پەرلەمان شەرعیەتی یاسایی نەماوە و لەهەمان کاتدا ئەگەر بخرێتە راپرسییەوە سەر لە خەڵک ئەشێوێنرێت.

ڕۆستایی وتی:"ئێمە وامان پێباشە کە پرۆسەی دەنگدان لەسەر دەستوری هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئەنجام بدرێت کە هەر لەناو ئەمساڵدایە، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی هاوولاتیان چاویان بە دەستورەکەی خۆیان بکەوێت". بەپێی لێدوانی ئەو ئەندام پەرلەمانە جگە لە ئەندامانی لیژنەی دەستوری ناو پەرلەمان، هیچ کەسێکی تر چاوی بە "نوسخەی کۆتایی دەستور" نەکەوتووە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەی ڕەتکردەوە کە پێداگیری ئەوان بۆ دواخستنی پەسەندکردن و ڕیفراندۆمی دەستور بگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە پەیوەندییان بە ڕازینەبوونی ئەوان و حزبە ئیسلامییەکان بێت لەسەر چەند مادده و بەندێکی ناو ڕەشنووسی دەستور. وتیشی:"لەبارەی ئەو ماددانەوە گەیشتووینەتە ڕێککەوتن و هیچ خاڵێکی ناکۆکیمان نەماوە، تەنها مەبەستمانە لە کاتەکەیە کە نەگونجاوە بۆ خەڵک دەنگ لەسەر دەستور بدات".

زانا سەعید ڕۆستایی کە لەهەمانکاتدا ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانە رایگەیاند کە بەپێی ئەوەی یەکێتی و پارتی زۆرینەی ناو پەرلەمانن بۆیە دەتوانن دەستور لەپەرلەماندا پەسەند بکەن و ئامادەی ڕیفراندۆمی بکەن، وتیشی:"ئێمە هەوڵ دەدەین ڕێگری بکەین، ئەگەر هەر نەکرا داوا ئەکەین ریفراندۆمەکەی دوابخرێت".

ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان رایگەیاند کە یەکێتی و پارتی سوورن لەسەر هەڵوێستەکەیان و بەتایبەتیش پارتی داکۆکی لێدەکات، وتیشی:"بێگومان بڕیار و هەڵوێستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەمان هەڵوێست و بڕیارەکانی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتییە".

دکتۆر شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی (گۆڕان) رایگەیاند کە پەرلەمانی ئێستای کوردستان مافی "تێپڕاندنی" دەستوری نییە، بەو پێیەی شەرعیەتی نەماوە و لەهەمانکاتدا هاوولاتیانیش دەستورەکەیان نەبینیوە.

دکتۆر شاهۆ وتی:"بەم شێوازەی ئێستا دەستور پەسەند ناکرێت، چونکە شێوازێکی ناشەفاف و نا دیموکراسیانەیە. لەبەر ئەوەی پەرلەمانی ئێستا مافی تێپەڕاندنی ئەو دەستورەی نییە و شەرعیەتی نەماوە هەروەها لەبەر ئەوەیشی کە تا ئێستا خەڵک ئەو ڕەشنوسەی نەبینیوە هەتا دەنگی لەسەر بدات".

وتەبێژەکەی لیستی گۆڕان ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەگەر یەکێتی و پارتی هەر سوور بن لەسەر پەسەندکردنی دەستور ئەوا ئەوان لەو کاتەدا هەڵوێستی تریان دەبێت "لەکاتی خۆیدا هەڵوێستی خۆمان ڕون ئەکەینەوە بەپێی پەرەسەندنی ڕوداوەکان".


**بەم زووانە..**

مەڵۆ بە مەڵۆ.. خەرمان بەرەکەت

گۆڤاری

مەڵۆ

سیاسی، کەلتوری، هەمەڕەنگ

هەموو (٢٠)ی مانگێک

تۆ زەتر بخوێنەوە زیاتر بزانیت..

www.zengkurd.net


# ٩٥٦ کێشەی کۆمەڵایەتی لە کەلاردا رویداوە

**زەنگ-مەریوان حەسەن:**

**بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کەلار دەڵێت:"لە پێنج مانگی رابردوودا نۆ سەت و پەنجا و شەش کێشەی کۆمەڵایەتی هاتووەتە بنکەکەمان و حاڵەتەکانیش جیاواز بوونە و پێشبینی ئەوەیش دەکەین ئەمساڵ کێشەکان لە چاو ساڵی پار زیاتر بن".**

مولازم شۆڕش عەلی ئەفسەرو بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی کەلار باسی ئەوە دەکات کە ئەو ڕێژەیەی ئەمساڵ هاتوەتە بنکەکەیان لە رووی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە بە هەموو شێوازە جیاوەزەکانیشیەوە چاوەڕوان نەکراو بووە. ئاماژەی بەوە کرد لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا ٩٥٦ کێشە ڕوویداوە بە تەنها لە بنکەی پۆلیسی کەلار.

مولازم شۆڕش سەرسوڕمانی خۆی لەو ژمارە زۆرەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو شاری کەلار دەربڕی و وتیشی:"ئێمە ساڵی پار لە هەموو ساڵەکەدا بە نزیکی ئەوەندە کێشە هەبوە دەبێت لە شەش مانگی داهاتوودا چۆنبێت؟ پێشبینی دەکەین ڕووداوەکان زیاتریش بکرێن".

# لە کەلار خۆڵبارین ١٦ کەسی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد

**زەنگ-نووسینگەی کەلار-ئەرکان محمد**

**بەهۆی خۆڵبارینەوە تەنها لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ١٦ هاوولاتی سەردانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریان کردووەو چارەسەری پێویستیان بۆکراوە**

جوامێر ئەحمەد لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار رایگەیاند لە هەفتەی رابردودا لە و ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بەهۆی خۆڵبارینەوە ١٦ هاوولاتی بەتەمەنی جیاواز کە نەخۆشی ڕەبوو و تەنگە نەفەسیان هەبووە سەردانی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریان کردووە و چارەسەری پێویستیان بۆکراوە.

ناوبراو وتیشی:"٣ حاڵەتیان تەمەنیان ٢-٣ ساڵ بوە و ئەوانی تر تەمەنیان لەنیوان ٢٥-٥٠ ساڵ بووە و لە هەردوو ڕەگەز بوون و پاش چارەسەر ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە".

جێی ئاماژەیە ناوەراستی هەفتەی پێشوو شەپۆلێکی تیژ و زۆری خۆڵبارین بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت گەرمیانی گرتەوە.